# توانسته جوگرافییەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە قەزای رواندز


ئامادەکردنی: ڕەووز مەجید حوسێن و محمد سعید سمایل

کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت/ بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان/ قۆناغی چوارەم

بەسەرپەرشتی: پ.ی. هدیە محمد أحمد


## پوختە


کەرتی گەشتوگوزار لە سەردەمی ئێستادا رۆڵێکی کاریگەر لە ئابووری وڵاتدا دابینێت بنەمای ئابووری وڵاتی لەسەر بنیاد دەنرێت رۆژ لە دوای رۆژ جووڵەی گەشتیاری لە سەرتاسەری جیهان زیاد دەکات و ئەم جووڵەیەش پێویستی بە بایەخپێدان و گەشەپێدانی شوێنی گەشتیاری هەیە بۆ ئەوەی زۆرترین ژمارە گەشتیار بۆ خۆی رابکێشێت. ناوچەی لێکۆڵینەوە تێکرای رووبەرەکەی کەوتۆتە ناوچەی شاخاوی کە بە گشتی شوێنی سەرەنجراکێش و دیمەنی جوان و بەناوبانگن ئەمەش وایکردووە ببنە ناوچەیەکی گەشتوگوزاری لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەکیدا، گرینگترین شوێنە گەستوگوزاریەکانی ناوچەی لێکۆڵینەوە (بێخاڵ، جوندیان، کۆرەکی گەشتاری، هاوینەهەواری پانک، هاوینەهەواری وەرتێ، گەلی ئاکۆیان، دارستانی هەندرێن، سەیرانگای بێرۆیان)، لەم توێژینەوەیەدا لەسەرەتادا باسمان لە شوێنی جوگرافی قەزاکە کردووە بە پێی شوێنی ئەسترۆنۆمی و پێگەی فەلەکی و سنووری کارگێریمان دیارکردووە، هەروەها لە بەشی دووەمدا باسمان لە توانستە سرووشتیەکانی ناوچەی توێژینەوە کردووە و کاریگەریان لەسەر راکێشانی بزاڤی گەشتیاری بۆ ناوچەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە بەرزی و نزمی و ئاو هەوا و ئاژەڵ و باڵندی کێوی و دەرامەتی ئاو، و هەروەها لە بەشی سێیەمدا باسمان لە توانستە مرۆییەکان کاریگەری لەسەر ئاراستەی جڵەوی گەشتیاری کردووە کە خۆی دەبینێتەوە لە تۆری رێگاوبان سەرخان و ژێرخانی گەشتوگوزاری و لایەنی کلتور و کۆمەڵایەتی و شوێنەوارە مێژوویەکان.


## ناوەرۆک و بەشەکان


1- ناساندنی چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە

١-١ چەمکە سەرەکیەکانی توێژینەوە

١-٢ ناساندنی قەزای رەواندز

١-٣ ناوچە گەشتیارەکانی قەزای رەواندز

2- توانستە جوگرافیە سروشتیەکانی گەشەپێدانی گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوە

٢-١ روخساری زەوی و سامانی ئاو

٢-٢ ئاو و هەوای قەزای رەواندز

٢-٣ رووەکی سرووشتی و ئاژەل لە قەزای رەواندز


3- توانستە جوگرافیە مرۆییەکانی گەشتوگوزار لە ناوچەی توێژینەوە

٣-١ تۆری رێگەوبان

٣-٢ ژێرخانی گەشتیاری

٣-٣ کلتوری کۆمەڵایەتی و شوێنەواری مێژووی



## سوودەکانی پرۆژەکە بۆ زانکۆ/سێکتەرەکانی

1 سوودی ئەم پرۆژەیە فرە رەهەندە بە جۆرێک کە خۆی دەبینێتەوە لە سوودی کۆمەڵایەتی و زانستی و رۆشنبیری و ئایینی و مێژوویی و ئابووری

2 بەڵگەیەکی راستە بۆ ئەو کەسانەی دەیانەوێ سەردانی قەزای رەواندز بکەن

3 دەتوانرێت سوودی لێ وەربگیرێت بۆ رێبەری گەشتیاری

4 شیکردنەوەی تەواوی شوێنە گەشتیارەکانی ناوچەی قەزای رەواندز

5 دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوەزەکان لە رووی گەشتیاری لە قەزای رەواندز

6 دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو بۆ ئەو کۆسپ و تەگەرانەی تووشی کەرتی گەشتاری دەبن لە قەزای رەواندز

7 گەشەپێدان و بەرەو پێشبردنی کەرتی گەشتیاری.

## پلانی جێبەجێ کردنی پرۆژەکە بەهەنگاو

- سەردانیکردنی ناوچەی توێژینەوە بەمەبەستی کۆکردنەوەی داتا و زانیاری دەربارەی خەسڵەتە گەشتیارییەکانی ئەم ناوچەیە و وێنەگرتنی
- ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسانەی لەم بوارە کار دەکەن
- نووسینەوەی بابەتەکە بەسوود وەرگرتن لەو داتایانەی کۆکراونەتەوە
- شیکردنەوە داتا و زانیارییەکان بەمەبەستی خستنەڕووی دەرئەنجامەکانی و پێشکەشکردنی راسپاردە

## سەرچاوەکان


1 عبدالله غفور، جوگرافیای کوردستانی باشوور، چ1، ٢٠٠٨.

2 ئامانج محمد علی دیوانە، المرتکزات الجغرافیة للتخطیط السیاحي في قضاء سوران، رسالة ماجستیر، جامعة الموصل، ٢٠٠٨.

3 هاورێ یاسین محمد ئەمین، لێکۆڵینەوەیەک لە جوگرافیای هەرێمی کوردستان، چ1، سلێمانی، ٢٠١٣.

4 هەڵبەست عبدرحمان تۆفیق، توانستە جوگرافیەکانی گەشەپێدانی چالاکی گەشتوگوزار لە قەزای مێرگەسۆر، ماستەرنامە، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

5 نالی جەواد حەمەد، خەسڵەتە سرووشتیەکانی هەرێمی چیاکان لە پارێزگای هەولێر، نامەی ماستەر، زانکۆی کۆیە ، ٢٠٠٨.